




# ساواکەی تویوتا قسە دەکا

کۆمپانیـای تویوتـای بەرهەمهێنی ئۆتۆمبیل لەم ماوەیەدا منداڵێکی ڕۆبۆتی بەرهەم هێناوە بۆ شۆفێرەی ئـەو ئۆتۆمبیلانـەی بەرهەمیـان دێنـێ، ئەرکی ڕۆبۆتەکـە ئەوەیـە قسـە لەگـەڵ شـۆفێر دەکات بۆ ئەوەی کـە خەونوچکـە نەیباتەوە..¬ ڕۆبۆتەکـە قەبـارەی بچوکـە هـەر بەقـەد مۆبایلێـك دەبێت. ڕۆبۆتەکـەی تویوتا نـاوی kirobo-mini یە. هاودەنگێکی باشە بۆ شۆفێرەکە و لە ڕێگادا لەبارەی گەشتەکەوە قسەی لەگەڵ دەکات.

بێچـووە ڕۆبۆتەکـە دەتوانێـت ئامـاژەی ڕوخسـار دەم و چـاو بخوێنێتەوە. ئەو ڕووداوانەی لە گەشـتی پێشـوودا لەگـەڵ شـۆفێرەکە هەیـان بـووە بیـری بخاتـەوە.. بـۆ نموونە پێـی دەڵێت: «لەبیرتە لە گەشـتی پێشـوماندا لێرە تەلەفۆنت دەکرد یان ئاوت دەخواردەوە» هەرچەندە ڤێرژنی پێشـووی ئەو ڕۆبۆتە لە سـاڵی ٢٠١٣ بۆ وێسـتگەی هەوایی نێردراوە تا لەگەڵ گەردوونگەڕەکان بدوێ.



# ماتۆڕەکانی داهاتوو چۆن دەبن

لـەو یـەك دوو سـاڵەی دوایـیدا جیهانـی ئۆتۆمبیـل گۆڕانکاری بەسـەرداهاتووە، ماتۆڕ و پایسکلیش بەر ئەو گۆڕانکارییە کەوتوون، کۆمپانیای ناسـراوی بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبیـل BMW بڕیاری داوە جۆرە ماتۆڕێك بەرهەم بێنێ کە بە (BMW Motorrad) ناسـراوە. لەو پرۆژە نوێیەی بی ئێمدا، گرنگییەکـی زۆر بـە بەشـی ئەمنییەتـی دراوە، چونکـە وەك دەزانـن ماتـۆڕەکان خراپتریـن بەشـی ئەمنییەتیان هەیە و هیچ کەوتنێك بێ زیانی گیانی نییە و تەندروسـتی بەکارهێنەرەکەی هەمیشـە لە مەترسـی دایە. بەڵام لەم پرۆژە نوێیەدا کە ماتۆڕەکە پێیدەگوترێت (هەڵاتنی مەزن) بەکارهێنەر هیچ کێشەکی تووش نابێت و دەتوانێت بەبێ کڵاو بە خێراییەکی زۆر ماتۆڕەکە لێبخوڕێت. چاویلکەیەك کە لەگەڵ ماتۆڕەکەدایە سەرەڕای بینین و زانیاری تەواو سەبارەت بە شوێنی لێخوڕین و چۆنییەتی لێخوڕینەکە بە بەکارهێنەرەکەی رادەگەیەنێ. نە تەنیا ئەوە بەڵکو جلێکی تایبەتی وا دەکات بەکارهێنەر لە سەرما و گەرما بپارێزێ و کارێك دەکات مۆرەکانی پشتی بەکارهێنەر تووشی کێشە نەیەت..





# پۆدۆ کامێرەی لەزگەیی

کامێرا دیجیتالییەکان ئەوەندە گشتگیر و باو بوونە هەر رۆژە مۆدێلێك و جۆرێکی تایبەتی بەرهەم دێت، گەرچی هەمووشیان لە کارکردا یەك ئامانج دەپێکن ئەویش وێنەگرتنە. کامێرای (podo)یش یەکێکە لەو کامێرایانە کە زۆر بچووکە و وەك لەزگە بە هەموو شوێنێکەوە دەنووسێت، کارکردی وێنەکێشانی زۆر ئاسانکردۆتەوە، بۆ نموونە دەتوانی بە دیوار بە دارێکەوە وەك لەزگە پێوەبنوسێ و لە رێگای مۆبایلەوە وێنەت بگرێ. کارکردنی کامێراکە لەوەدایە کە دەتوانرێ شەش دانە لەوانە پێکەوە لەگەڵ مۆبایلێك پەیوەند بدرێن و هاوکات پێکەوە یان بە مەودایەکی کەم وێنە بگرن. لە پشت کامێرای پۆدۆوە مادەیەکی لەزگەیی هەیە کە بە هەموو شتێکەوە دەنووسێت.

# دیسان رکابەری نێوان سامسۆنگ و ئەپل




سامسۆنگ و ئەپڵ چەند ساڵێکە لە رکابەری جدیدان رکابەریان هەر تایبەت نییە بە ئایفۆن و گەلەکسی، بەڵکو لە بوارەکانیشدا لە ململانێدان. کۆمپانیای apple، hp، MSI لەم چەند ساڵەدا ستایلی کۆمپیوتەری سەرمێزیان لە شێوەی لاکێشەیی گۆڕی بۆ شێوەی لوولەکی و دیزاینێکی نوێ و سەرنج راکێش، ئێستا سامسۆنگیش هاتۆتە نێو ئەو مەیدانەوە و کۆمپیوتەری جۆری ArtPC Plus ی بەرهەم هێناوە، لە ستایلدا زۆر وەك کۆمپیوتەری مەك پرۆ دەچێت. بەو جیاوازییەی مەك پرۆ بۆ شوێنی کار و نووسینگەکانە و ئەوەی سامسۆنگیش بۆ ماڵەوە و کاری شەخسییە.

هەروەك لە وێنەکەدا دەیبینی سەرەوەی دیسکتۆپەکە سپیکەرە کە ٣٦٠ پلە دەسوورێت، لە هەر شوێنێك حەزی لێبکەی دایدەنێی. پرۆسیستەرەکەی جۆری core i5 بە خێرایی ٢,٧ گێگایە. رامەکەی ٨ گیگابایتە و کارتەکەی جۆری Radeon RX 460ە. کە بۆ سەیرکردنی ڤیدیۆیی K4 زۆر گونجاوە. جگە لەوەش هاردەکەی ١ ترابایتە.





# پرۆگرامێک تایبەت
# بە ڕێکخستن و کۆنترۆڵ کردنی مۆبایل

بە سەرنجدان بە جۆر و کارکردی مۆبایلە سمارتەکان، بوونی پرۆگرامێکی تایبەت کە بکرێ بە هۆیەوە لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە مۆبایل کۆنترۆڵ بکەی و بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕێکبخەی پێویستییەکی گرنگە. گەر سەرنجتان دابیتێ لەگەڵ زۆربەی مۆبایلەکان cdیەکشی لەگەڵدایە کە بەهۆیەوە دەتوانی لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە مۆبایلەکە کۆنترۆڵ بکەی، بەڵام گشت مۆبایلێك پرۆگرامی تایبەتی لەگەڵدا نییە، بۆیە پرۆگرامێك پێویستە کە بۆ گشت مۆبایلێك بگونجێت، پرۆگرامی forensic MOBILedit١ ئەو پرۆگرامەیە کە دەتوانرێ لەو بارەوە پشتی پێببەسترێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی دەفتەر تەلەفۆنەکەت کۆنترۆڵ بکەی، ناوی دیکەی پێ زیاد بکەی یان لێی فڕێ بدەی. دەتوانی کۆپی لە زانیاریەکانی ناوەوەی هەڵبگری، دەتوانی پاسوۆرد لەسەر گشت بەشەکان دابنێی، جگە لەوەش دەتوانی کورتەپەیام وەربگری و پێی بەرێ بکەی.. دەتوانی راپۆرتەکان بەشێوەی فایلی word وەربگری.. پرۆگرامەکە لەگەڵ زۆربەی مۆبایلە هۆشمەندەکان دەگونجێت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت فایلێکی زیاتر لە سەد لاپەڕەی wordم هەیە کە دەیان وێنەی تێدایە، نازانم چ بکەم وێنەکان چۆن جیا بکەمەوە لە دەق و نووسینەکان، چ ڕێگایەك هەیە؟**

خوێنەری بەڕێز ڕێگایەکی ئاسان هەیە بۆ ئەوەی کە گشت وێنەکانی ناو فایلێکی ۆرد جیا بکەیەوە، و بە جیا سەیڤیان بکەی، بۆ ئەم مەبەستە فایلەکە بکەوە دواتر لە file دا بچۆ سەر بەشی save as و دوای ئەوە فایلەکەت بە word XML document لەسەر دیسکتۆپ خەزن بکە، دوای ئەوە دەبینی فۆلدەرێك دروست بووە کە وێنەکانی بە جیا سەیڤ کردووە.

# ڕۆبۆتێک بەسەر دیوار و شوێنە بەرزەکان هەڵدەچێت



لە ڕاستیدا لەو دوو ساڵەی ڕابردوودا گرنگییەکی زۆر بە جیهانی ڕۆبۆت دراوە، ڕۆبۆت وای لێدێ هەر لە چوارچێوەی کۆمپانیا و کارخانەکاندا نامێنێ، بەڵکو ماڵەکانیش ڕۆبۆتی خۆیان دەبێت. کۆمپانیایەك ڕۆبۆتی جۆری ventoozی بەرهەم هێناوە کە جگە لەوەی دەتوانێ بە دیوار هەڵبچێت دەتوانێك کەسێکیش لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ.

ڕۆبۆتەکە بۆ دیواری ئاوبەندەکان، شوێنە بەرزە مەترسیدارەکان، یان کاتێك هوتێل یا باڵەخانەیەك ئاگر دەگرێ سوودی لێدەبینرێ. خۆی چوار تایەی هەیە کە وەك گەسکی کارەبایی هەوا هەڵدەمژن ئەو هەڵمژینە پاڵەپەستۆ دروست دەکات کە بە دیوار و هەموو شتێکەوە بنووسێن. بەکارهێنەر سوکان و فەرمانی تایبەتی لەلایە کە بتوانێت کۆنترۆڵی ڕۆبۆتەکە بکات وەك کەمکردنەوەی هەوا بۆ سەرکەوتن و دابەزین، ئەگەر ڕۆبۆتەکە بکەوێتە بازاڕ ڕۆڵی گرنگ دەبینێت..

# تەنکترین و باشترین کتێبخوێن

ئامازۆن لە جیهانی کتێبخوێنەکاندا واتە (kindle) بێ ڕیکلامکردن پێشەنگە. کتێبخوێن شۆڕشێکی لە جیهانی خوێندنەوەدا پێکهێنا، کتێبخوێندنەوەی دیجیتالی سەر لاپتۆپ و مۆبایلی وەك شێوەی کلاسیك لێکردەوە. بە جۆرێك خوێنەر هەست پێناکات کتێبی بەدەستەوە گرتووە یا ئامێر..

(کێندەڵ)ەکان گەلێك جۆریان هەیە، بەڵام جۆری (kindle oasis) لە ریزی باشەکانیان دێت. چونکە وەك دەگوترێ تەنکترین جۆری کتێبخوێنە کە تاکو ئێستا کەوتۆتە بازاڕ. کتێبخوێنەکە تەنك وەك پەڕەی کاغەزە، ئەم جۆرەیان لە گشت کێندەڵەکانی دیکە ٢٠٪ سووکتر و ٣٠٪ تەنکترە. ئەو دەستگیرەی بۆیداندراوە ئاسانکاری زۆر دەکات لەکاتی کتێبخوێندنەوەدا. بەکارهێنەر دەتوانێ لە ڕێگای شاشەی لەمسی یا ئەو دوگمانەی بۆی داندراوە لاپەڕەکان هەڵبداتەوە، بەکارهێنەر چەپ دەست بێ یان ڕاست دەست دەتوانی بە ویستی خۆی سوود لە ئامێرەکە وەربگرێ. شاشەکەی شەش ئینجییە و ٦٠٪ زیاتر گلۆپی LED تێدا بەکارهاتووە.




# سایتێک بۆ نیشاندانی بەرهەمەکانتان

ئەوانەی کاری هونەری دەکەن بۆ نموونە کاری گرافیك و دیزاین حەز دەکەن بەرهەمەکانیان لە پیشانگایەکدا بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی کە هان بدرێن یان ڕەخنەیان لێبگیرێت. ئەی ئەگەر لە سایتێکی تایبەتدا دابندرێن بێگومان ڕێژەی بەشداربووان زیاترە..

سایتی dribbble.com یەکێکە لەو سایتانە کە نەخشەسازان دەتوانن نموونەیەك لەکارەکانی خۆیان لەو سایتەدا دابنێن، لەو سایتەدا گروپی تایبەتیش هەیە بۆ دانانی سیمینار و ڕا دەربڕین. لە سایتەکەدا بابەتەکان بەپێی ستایل و شێوە ریزبەندی کراون..